مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# جريمة التحريض على الفسق والفجور عبر مواقع التواصل الاجتماعي

مەڕوە على عزيز

parezark@gmail.com

أ.د. سامان عبدالله عزيز

saman.aziz@su.edu.krd

جامعة صلاح الدين / كلية القانون

**الكلمات المفتاحية:** جريمة , التحريض , الفسق , الفجور , التواصل الاجتماعي

**كيفية اقتباس البحث**

عزيز , مەڕوە على , سامان عبدالله عزيز, جريمة التحريض على الفسق والفجور عبر مواقع التواصل الاجتماعي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# The Crime of Inciting Immorality and Debauchery via Social Media

Merwa Ali Aziz
parezark@gmail.com
Prof. Dr. Saman Abdullah Aziz
saman.aziz@su.edu.krd
Salahaddin University / College of Law

**Keywords** : Crime, incitement, debauchery, immorality, social media

**How To Cite This Article**
Aziz , Merwa Ali , Saman Abdullah Aziz The Crime of Inciting Immorality and Debauchery via Social Media ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
Modern science and information technology are in a state of constant progress and evolution. Whilst every scientific advancement and technological stride serves humanity and individuals better, they simultaneously produce undesirable consequences. Following the surge in social media usage, various new methods and avenues for committing criminal acts have emerged. Consequently, the crimes of inciting and facilitating debauchery are amongst the most dangerous moral crimes threatening the core values of society.

This crime encompasses various forms, including the dissemination of obscene images, videos, or pornography on social media platforms, and the management of online accounts that promote vice or debauchery. It also involves the livestreaming of sexual acts, the display of sexual or provocative imagery, the use of sexually explicit comments or private messages, and the grooming or influencing of victims (both male and female), as well as luring minors under the legal age for the purpose of debauchery via social networking sites and the internet.

These crimes have a devastating impact on the fabric of social relationships and family structure. However, the Iraqi legislature has not

yet taken steps to enact specific legislation to combat information technology and internet crimes. In contrast, the Kurdistan legislature, recognising the dangers arising from communication devices, enacted a special law known as the "Law on Preventing the Misuse of Communication Devices," No. (6) of 2008.
This law covers crimes of debauchery committed via social media platforms and prescribes penalties for them. However, as this law contains numerous shortcomings and requires urgent amendment, we will divide the study of this crime into two sections.

**الملخص**
لقد استمر العلم الحديث والتكنولوجيا بالتقدم والتغير دائما، فمع كل تقدم للعلم والتكنولوجيا تخدم أكثر البشرية وأفراد المجتمع، ولكن في الوقت نفسه يترك اثرا غير مرغوب فيه بعد ارتفاع نسبة استخدم مواقع التواصل الاجتماعي، لذلك تظهر باستمرار أساليب وطرق مختلفة لارتكاب الأفعال الاجرامية، وبهذا فان جريمة التحريض وتسهيلاته على ارتكاب الفساد من أخطر انواع الإلكترونية التي تهدد القيم الأعلى في المجتمع.
ان هذه الجريمة اشكالا مختلفة منها: نشر صور وفديويوهات فاحشة، او المواد الإباحية في مواقع التواصل الاجتماعي وإدارة حساب اون لاين التي تمهد الطريق لارتكاب الأفعال السيئة او الفاحشة ، والبث المباشر للأعمال الجنسية وعرض مشاهد وصور مثيرة وفاحشة، استخدام التعليقات، او رسائل جنسية خاصة عن الضحايا وتأثيرها على كلا الجنسين( الذكور والاناث) وجذب الأطفال ما دون السن القانوني من أجل اعمال الفساد من خلال مواقع التواصل الاجتماعي.
كما أن هذه الجريمة لها آثار مدمرة على بنية العلاقات الاجتماعية والاسرية، الا ان المشرع العراقي لم يخطو اية خطوة لوضع قانون خاص لمواجهة الجرائم الإلكترونية.
الا ان المشرع الكردستاني قد شعر بالخطر الذي يأتي عن طريق ألاجهزة الإلكتروني. لذا قام بسن قانون رقم ٦ لسنة ٢٠٠٨ في الوقت الذي يشوب هذا القانون العديد من النقص وحاجةالى تعديل عاجل، لذلك سوف نقسم هذه الجريمة على طلبين.

**تاوانی هاندان لەسەربەرەڵایی و بەدڕەوشتی و لەڕێگەی ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**مەڕوە على عزيز**
parezark@gmail.com
**پ.د. سامان عبدالله عزيز**
**saman.aziz@su.edu.krd**
**کۆلیجی یاسا- زانکۆی سەڵاحەددین**

**پوختە**
زانست و زانیاری تەکنەلۆژیایی سەردەم هەمیشە لەپێش کەوتن وگۆرانکاری بەردەوامە بۆیەلەگەڵ هەرپێشکەوتنێکی زانستی وبەرەوپێش چوونی تەکنەلۆژیا خزمەتی زیاتر بەمرۆڤایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگادا دەکەن و بەڵام لەهەمان کاتیشدا شوێنەواری نەخوازراویشیان هەیە دوابەدوای بەرزبونەوی رێژەی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وبۆیە بەردەوام شێواز ورێگای جوراوجۆرپەیدابوونە بۆئەنجام دانی کردە تاوانکاریەکان،

هەربۆیەتاوانی هاندان و ئاسانکاری لەسەرکردەوەی بەربەرەلای لە مەترسیدارترین جۆرەکانی تاوانی رەوشتین کە هەڕەشە لەبەها باڵاکانی کۆمەڵگا دەکەن.

ئەم تاوانە چەندین شێوە لەخۆدەگرێت لەوانە بڵاوکردنەوەی وێنەوڤیدیۆی ڤێزەون یان پۆرنۆگرافی لەپێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وبەڕێوەبردنی ئەکاونتەکانی ئۆنلاین کە پەرە بە کاری خراپەکاری یان بەربەرەلایی دەدەن، پەخشی ڕاستەوخۆی کارە سێکسییەکان وپیشادانی دیمەن و وێنەی سێکسی و وروژێنەر، بەکارهێنانی کۆمێنت یان پەیامی تایبەتی سێکسی وبەکاریگەری کردن لەسەرقوربانیانی (نێرو مێ) وەراکێشانی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی بۆ کاری مەبەستی بەربەرەلایی لەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وجیهانی ئینتەرنێتەوە.

ئەم تاوانانە کاریگەری وێرانکەریان لەسەر پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خێزان هەیە بەڵام یاسادانەری عێراقی تائێستا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆدانانی یاسایەکی تایبەت بۆرووبەرووبونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیایی زانیاری و ئینتەرنێت هەربۆیە لەدەرئەنجام دا یاسادانەری کوردستانی هەستی بەومەترسیەکردلەکەرێگەی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن دێتەکایەوە بۆیە هەستابەدانانی یاسایەکی تایبەت کەبەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیەکان ژمارە(٦)ساڵی(٢٠٠٨) ناسراوە

وەتاوانی کردوەی بەربەرەلایی لەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکانیش لەخۆدەگرێت و سزاکەشی دیاری کردوە هەرچەندە ئەم یاسایە چەندەها کەموکورتی لەخۆدەگرێت و پێویستی بەهەموارکردنی بەپەلەهەیە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بەسەردوو داواکاری دابەش دەکەین لە داواکاری یەکەم باس لەمانایی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرەلای دەکەین و لە داواکاری دووەم:رەگەزەکانی تاوانی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرەلای و سزاکەی ئاماژە بۆ دەکەین.

**وشەی سەرەکی:** تاوان، هاندان، لەشفرۆشی، بێ ئەخلاقی، سۆشیال میدیا

**پێشەکی:**

لەدوای سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بە تایبەت دوای هاتنەکایەی و ئینتەرنێت وپێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەماوەی رابردوو، بەکارهێنانیان وەك دوو ئامرازی سەرەکی و بەسود بۆ ئاسانکاری و ڕایی کردنی کاروبارەکان لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی رۆژانەدا، ئیتر وردە وردە پێشێلکاری و خراپ بەکارهێنانەکانیشیان هاتەئاراوە، لێکەوتە نەخوازراوەکانیشیان سنورەکانی بەزاند و شوێنەواری نەرێنی لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی جیهاندا بەجێهێشت، هەربۆیە یەکێک لەوتاوانە بەربڵاو وقێزەونانەی کەوالەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان روودەدات رۆژانە چەندەهاکەیسی لەم بابەتەرووبەرووی داداگاکان دەبێتەوە ئەویش بریتیە لەتاوانی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرلایی لەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان

تاوانی هاندان بۆکردەوەی بەربەرەلایی ئاماژەیە بۆ هەرکردارێک کەبریتی یە لەبانگێشت کردن و هاندان وئاسانکاری بۆچالاکیەکی سێکسی ورەفتارێکی لادان لەبەها رەوشتیەکان لەناوکۆمەڵگادا،

هاندان کاتێک ڕوودەدات کە تاوانبار دەستەواژەکان ئاراستەی قوربانییەکە بکات کە ئەگەری وروژاندنی ئارەزووی سێکس و ڕۆحی وەسوەسە لەخۆدەگرن بۆ پەیڕەوکردن و هاندانی لەسەرکردەوەی داوێنپیسیی یان کردنی خراپەکاری ئەمەش بەچەندین شێوازئەنجام دەدرێت هەروەکو لەناوەرۆکی توێژینەوەکە ئاماژەمان پێدایە هاندانەکە بەشێوازی کردار یان بەشێوای زارەکی بێت یابەپیشاندانی وێنەی بێت جیاوازی ناکات، بەڵام لەناوەرۆکەوە یەک مانا دەدەت ئەویش هاندانە لەسەر کردەوەی بەربەرەلایی، کەوا رۆژانە چەندەها تاوانی لەم شێوازە لەپێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان روودەدات بەتایبەتی لە پێکەکانی وەک تیک تۆک وئینستەگرام وفەیسبوک، هتد.

وەئەم تاوانانە بە شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەوانە دەستەواژەیان ڤیدیۆ، یان وێنەی سێکسی وسایتی پۆرنۆگرافی و جولە وکرداری سێکسی و پەخشی ڕاستەوخۆی کارە سێکسییەکان و بەکارهێنانی کۆمێنت وپەیامی سێکسی دەگرێتەوە.

ئەم تاوانانە لەئێستادا بە ئاسانی ئەنجامدانیان تایبەتمەندن، چونکە پێویستیان بە کارلێکی ڕاستەوخۆ و شوێنێکی دیاری کراونیە. تەنها پێویستی بە ئامێرێک یان مۆبایلێکە کەبە ئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش ژمارەی تاوانباران چەند هێندە دەکات و بەدواداچوونیان قورستر دەکات. ئەم تاوانانە ئیتر تەنیا بە ڕێگەی تقلیدی ئەنجام نادرێت بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان پەرەیان سەندووە، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی بەردەستبوونی بەربڵاوی پێگەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بەرنامە ئەلیکترۆنیەکان، کە ژینگەیەکی بەپیتیان بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕەفتارانە دابینکردووە، جا چ لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە، هاندان وئاسانکاری بۆئەنجام دانی ئەم تاوانە دەستەبەردەبێت. هەربۆیە پێویستە بەشێوەیەکی یاسای ڕێگری لەم تاوانە بکەین وبەشێوەیەک کەوامەاف و ئازادیەکانی تاک بپارێزرێت و ڕێگری لە بیرو دەربرینی ئازادنەگرێت.

- **گرنگی توێژینەوە:**

لەدوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و هاتنەکایەی ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بەکارهێنانیان بە شێوازێکی بەرفراوان لە زۆربەی کایەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا، هەروەها سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پێشێلکاری و ڕەفتارە نەخوازراوەکانی سەر ئەم دوو ئامرازە و لێکەوتنەوەی شوێنەواری زیان بەخش و کاریگەر، جۆرەها دیدگا و بیرکردنەوە گەڵاڵە بوون بەمەبەستی بەرپێگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باس و خواس و تێگەیشتنی چڕوپڕ لەبارەی ئەم پێشێلکاریيانە گرنگی و سەنگی خۆی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هاتوو بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر بنەمایەکی زانستی قووڵ، گوزارشت لە تاوانەکەکانی ئینتەرنێت بکرێت، و تایبەتمەندی، پایە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان دابڕێژرێت و جیابکرێنەوە لەوانەی کە لێیان دەچن، واتا و بەهایەکی بەرچاوتر بە توێژینەوەکە دەبەخشێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، ڕەنگە گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدا ڕەنگ بداتەوە کە بە زمانی شیرینی کوردی نوسراوە، ئەمەش جگە لەوەی کە لە بەها زانستی و ئەکادیمیەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە شێوازێکی ئاسان تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی زیاتر پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردی دەکات، چ لەسەر ئاستی پسپۆران و گرنگی پێدەرانی بوارەکە یاخود لەسەر ئاستی گشتی.

- **گرفتی توێژینەوە:**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنەوارە نەخوازراو و زیان بەخشانەی کە لەدەرەنجامی تاوانەکانی وئینتەرنێت وپێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، و ئاسایش، تەندروستی و دەروونی دێنەکایەوە، بەڵام تاکو ئێستا تێگەیشتن و هۆشیارییەکی (ڕۆشنبیری) یاسایی و گشتی ئەوتۆ لەبارەی ئەم تاوانانە و دەرهاوێشتە نەرێنیەکانیان و خۆپارێزی لێیان بەدی ناکرێت، چ لەلایەن تاکەکان یاخود لەلایەن یاسادانەرانەوە، ئەمەش نەبونی یاسایەکی تایبەت وتازەی گشتگیر وپوخت لەم بوارە دا هەر لەبەر ئەمەشە تاکو ئێستا ئەم پێشێلکارییانە بەردەوامییان هەیە، بەردەوام بوونی ئەمەش ناكۆك و دژیەکە لەگەڵ ماف و ئازادی تاکەکان و هەروەها بنەما سەرەکییەکانی بواری یاسای تاوانییش، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەی کە هەیە تەنها چەند هەوڵێکی نارێك و پرگرفتە کە لە ئاست مەترسی و زیانە کاریگەریەکانی ئەم تاوانانەدا نین.

- **بواری توێژینەوە:**

بواری توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر و لەهەمان کاتدا قووڵ، لەبارەی ئاشنابوون و تێگەیشتن لە (لەماناو پێناسەکردنی پێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و تایبەتمەندی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تاوانی هاندان لەسەرکردەوەی بەبەرەڵایی لەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان رەگەزەکانی تاوانەکەو وسزاکەی) سەرەڕای لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لەبارەی ئەوتاوانانەی تر کەوالەرێگەی پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان روودەدەن و گەنگەشەکردنی پایە و ڕەگەزەکانی دروست بوونیان.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەردوو داواکاری دابەش دەکەین لە داواکاری یەکەم باس لەمانایی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرەڵای دەکەین و لە داواکاری دووەم:رەگەزەکانی تاوانی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرەلای و سزاکەی ئاماژە بۆ دەکەین.

## داواکاری یەکەم

## تێگەیشتن لە ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە بەرهەمەکانی جیهانی مەجازی لە ئێستادا، و نوێنەرایەتی شۆڕشێکی دیجیتاڵی دەکەن لە ئەنجامی بەکارهێنانی لە بڵاوکردنەوەی زانیاریدا بەکارهێنەر دەتوانێت بەرنامە، نووسین، یان گرێبەستی بازرگانی لەسەر وێب پەیجەکان بڵاوبکاتەوە، پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی جیهاندا ببەستێت ، ئەمەش وایکردووە ئەم تۆڕانە سروشتێکی جیهانی بن.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە پێویستی بە بوونی ئامێری بەیەکەوە بەستراو هەیە کە بۆ ڕۆیشتنی زانیاری بەکاردێت، ئینتەرنێتیش هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە کەوای کردوە جیهان بکاتە گوندێکی بچوک [١].

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دینامیکی و بەردەوام پەرەسەندن ناسراوە بۆ دابینکردنی پێداویستی بەکارهێنەران و ئامانجی خاوەنەکانی و بۆ کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردا بووەتە ئەو ئامرازەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە ژیانی خۆیان ڕێکدەخەن، ئەمەش ڕێگەی مرۆڤەکانی گۆڕیوە و بووەتە هۆی دروستکردنی کولتوورێکی نوێ، کولتوری بەشداریکردن و کارلێککردن لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا[٢].

## لقی یەکەم

## پێناسەی ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانیان

ئەم داواکاریە دابەش دەکەین بۆ دوو لق :

**لقی یەکەم : پێناسەی ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**لقی دووەم: تایبەتمەندی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان**

### 1-پێناسەکردنی ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە:

لە ڕووی زمانەوانییەوە دەستەواژەی "پەیوەندی کۆمەڵایەتی" ئاماژەیە بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیرۆکە لە نێوان تاکەکان یان گروپەکاندا. وشەی "پەیوەندی" بە واتای ئاڵوگۆڕی زانیاری دێت، لە کاتێکدا "کۆمەڵایەتی" ئاماژەیە بۆ کارلێکی نێوان تاکەکان لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا. پەیوەندی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی دینامیکییە کە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی و بەرزکردنەوەی کارلێکی نێوان تاکەکانە[٣]. واتە هەموو شتێک کە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیای زانیارییەوە هەیە کە توانای کارەبایی، دیجیتاڵی، موگناتیسی، کارۆموگناتیسی، یان ئامرازی تری هاوشێوەی تەل یان بێ تەل و هەر تەکنەلۆژیایەک کە ڕەنگە لەم بوارەدا پەرەی پێبدرێت.

### 2-پێناسەی تەکنیکی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لە ڕووی تەکنیکییەوە ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پلاتفۆرمی دیجیتاڵی پێناسە دەکرێن کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن پرۆفایلی دروست بکەن و ناوەڕۆک هاوبەش بکەن و کارلێک

لەگەڵ کەسانی دیکە بکەن بە شێوەی ئۆنلاین. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان درێژکراوەی پەیوەندییە تەقلیدیەکانن، بەڵام بە خێرایی و توانای تێپەڕاندنی سنوورە جوگرافییەکانیان جیا دەکرێنەوە[٤].

**3-پێناسەکردنی پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە**

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێک پێناسە دەکرێت کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی کارلێکی نێوان تاکەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەجازییە. ئەم ماڵپەڕانە ژینگەیەکی مەجازین کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان بکەن، ئەمەش پارمەتیدەرە لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز[٥]. لەهەمان کاتدا پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکی ئاسان و خێران بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێ و خێزان، بەتایبەتی کاتێک لەیەکتر دوورن. دەتوانرێت نامە بنێردرێت، پەیوەندی دەنگی یان ڤیدیۆیی بکرێت و تەنانەت کۆبوونەوە مەجازییەکانیش ڕێکبخرێت[٦]. ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ ئاسانکاری بۆ قوتابیان وخێزانەکان ئەمەش لەرێگەی فێربوونی ئۆنلاین بە تایبەت بۆخوێندکاران دەتوانن دەستیان بە ناوەڕۆکی بابەتی پەروەردەیی جۆراوجۆر بگات، بەشداری لە گروپە پەروەردەییەکان بکەن و لە دوورەوە بەشداری وانەکان بکەن[٧]

**4-پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مارکێتینگەوە**

ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە گرنگترین کەناڵە نوێییەکانی بازار گەری، بەو پێیەی پارمەتی کۆمپانیاکان دەدەن پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کڕیارەکانیان دروست بکەن بۆ خستنەرووی بەرهەمەکانیان بە ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین کریار و پرکردنەوەی خواستی بەکاربەران و دەستکەوتنی باشترین قانزاج[٨].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی گرنگی مارکێتینگ هەژمار دەکرێت کە ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدات پەیوەندی لەگەڵ کڕیارەکانیان بکەن و ناوەڕۆکی مارکێتینگ بڵاوبکەنەوە و هەرچی بەرهەم و کاڵایانە بیخە بەردەم کریاران و خواست و داواکاری کریان بزان و بەزووترین کات جێبەجێی بکەن کە وەکو ئامرازێکی دیجیتاڵی بۆ ئاسانکاری ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕا لە نێوان تاک و گروپەکاندا بەکاردەهێنرێت[٩]. لە سەردەمی ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری بازرگانی و بازارکردندا بەکاردەهێنرێن. کۆمپانیاکان دەتوانن بەرهەمەکانیان بەرز بکەنەوە، براندەکەیان بنیات بنێن کوالیتیان باشتر و ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کڕیارەکان بکەن[١٠].

**پێناسەی یاسایی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان:**

یاسادانەری فەرەنسی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە مادەی ٤ ی یاسای ژمارە ٥٧٥ ـ ٢٠٠٤ کە لە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤، [١١] دەرچووە وەک پرۆتوکۆلێکی پەیوەندی کراوە پێناسەی کرد، ئەویش بە بەستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری بە هەر شێوەیەک کە بگاتە خەڵک بەبێ سنووردارکردنی هەر ناوەڕۆکێک کە لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

یاسا دانەری میسری، لەیاسای ژمارە ١٧٥ی ساڵی ٢٠١٨، پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکانی وەک دونیایەکی مەجازی پێناسە کردوە کەوا ناونیشانێکی دیاری کراویان لەسەر تۆری زانیاریەکان هەیە.

هەروەها یاسای کوەیتی ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠١٥ پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکانی، وەک شوێنێک پێناسە کردووە کە زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەهۆی ناونیشانێکی دیاریکراوەوە دەخاتە بەردەست.

هەرچی سەبارەت بە یاسادانەری عێراقیە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕەوان یاسایەکی سەربەخۆی بۆ ڕێکخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرنەچواندوە و ئەوەشی کە هەیە لە چوارچێوەی یاسای

کاری ڕۆژنامەگەری و سەندیکای ڕۆژنامەوانی عێراق و هەرێمی کوردستان-عێراق[١٢]، دووبارە هیچ ڕێکخستنێك بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونی نییە.

جێگای ئاماژە پێدانە لە هەرێمی کوردستان-عێراق یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن[١٣] دەرچوێندرا، ئەم یاسایەش جگە لەبوونی کەموکورتی تایبەتکراوە بە لایەنی بابەتی (موضوعي) سزایی ئەو تاوانانەی دەکەوتنە سەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، بەڵام لەناوەڕۆکی یاساکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر بەشێوەیەکی ڕەوان ئاماژەی بۆ تێگەیشتن لە دەستەواژەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن نەداوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەم بەکارهێنانانەدا هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێرەکانی تر. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یاساکە بە چەندین کەموکوڕی و کەموکوڕی و هەڵەی یاساییەوە بەردەوامە . ئینتەرنێت و پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەزموونی ڕابردوو دەریخستووە کە خراپ بەکارهێنانیان چەندین شێوەی هەیە کە زۆر لەوە زیاترە کە لە یاسادا باسی لێوە کراوە و ئەوەندە زۆرن کە سنووردارکردن و ژماردنیان مەحاڵ بووە، و قەتیسکردنی تەنها لە دەقیکی یاساییدا کارێکی ئەستەمە ئەمەش وایکردووە فیقهی تاوانکاری پەنا بۆ پۆلێنکردنیان ببات بۆ ئەوەی بتوانێت بیانگرێتەوە[١٤].

خوێندنەوە بۆ ئەم یاسایە دەگەین بەو ڕاستیەکەی کە یاسادانەر ڕەچاوی فرەچەشنی ئەو ئامێرە پەیوەندییانەی نەکردوە کە لە یاساکەدا باسی کردووە و جیاوازییەکانیان لە ڕووی سروشتی و تایبەتمەندی و ئەرک و جۆری خراپ بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ ئامێری مۆبایلی تێکەڵیکردووە. وە ئامێرەکانی پەیوەندی وایەرلێس وەک هێڵی زەمینی، فاکس، ، ئینتەرنێت و ئیمەیڵ لە هەمان دەق پێکەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، لە کاتێکدا جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوانیان لە ڕووی سروشت و تایبەتمەندی و ئەرک و جۆری خراپ بەکارهێنانەوە، هەموویان پێویستیان بە هەمەچەشنی لە مامەڵەی یاسایی لە جیهانی یاسای تاوانەکاندا. بۆ نموونە خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئیمەیڵ و ئینتەرنێت لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یاسای سزای تایبەت یان دەقی تایبەتیان هەیە بۆ خراپ بەکارهێنانیان .[١٥]

لەمیانەی خوێندنەوەمان بۆ دەستەواژە و پێناسەی جۆراو جۆری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بڵێین(پێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لە کۆمەڵێک ماڵپەڕی سەر ئینتەرنێت کە ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدات لەرێگەی ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکەن تایبەتمەندیە کەسیەکانی خۆیان پێناسە بکەن پەیوەندی وچالاکیەکانی خۆیان بخەنەروو) .

(تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك ماڵپەڕ و پرۆگرامن کە یارمەتی دروستبوونی پەیوەندی نێوان بەکارهێنەران دەدات لە چوارچێوەیەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئارەزووەکانیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان ڕێک بخەن بەجۆرێک کە ئەمە لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی وەک ناردن ئەنجام دەدرێت پەیام و وێنە و ڤیدیۆ کلیپ و هتد، و هاوبەشکردنی لەگەڵ کەسانی تر ئەنجام دەدریت هەروەها لەچەندان بواری تری وەك ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی سوودی لێوەردەگیرێت) [١٦].

**لقی دووەم : تایبەتمەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

دوای ئەوەی باسی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانمان کردوو چەند پێناسەیەکی گرنگی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانمان خستەروو بۆیە لەم لقەدا بەگرنگی دەزانین بەچەند تایبەتمەندییەکی ئەم تۆرانە بخەینەروو لەوانە:

١- گشتگیربوون: بەربەستە جوگرافی و فەزاییەکان هەڵدەوەشێنەوە، سنوورە نێودەوڵەتییەکان لەناو دەچن، بەو پێیەی تاک لە ڕۆژهەڵات دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ تاکی ڕۆژئاوادا بکات، بە سادەیی و ئاسانکاری[١٧].



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

٢. كارلێككردن:تۆره كۆمەڵایەتیەكان ئامرازه نوێیەكانی پەیوەندی كردنی هاوچەرخ دیاری دەكەن ، لە ئاسانكاری پرۆسەی هاوبەشی كردن و گفتوگۆیی نێوان بەكارهێنەران ، لەهەمان كاتیشدا ئامرازێكی خێرایە بۆ تێكەڵ بوون و ئالوگۆركردنی بیرۆكەكان و زانیاریەكان وبڵاوكردنەوەی هەموو چەشنە بابەتێك ، ئەمەش لەو میدیا كلاسیكە دەردەچێت كە تەنها نوسەر بەشدار دەبوو لەدەربرینی بۆ چونەكەی خۆیی بەبێ بەشداری و راو بۆچونی خوێنەر یان بیسەران لەسەر بابتەكەی بەڵام لەئێستادا خوێنەران دەتوانن كۆمێنت بنوسن و راو بۆچونی خۆیان لەسەر ئەوشته بنوسن كەوا بڵاوكراوەتەوە وخراوەته روو بۆ خەڵك (١٨).

٣ - ئاسانكاری بەكارهێنان: پێمانوایە لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی تۆرە كۆمەڵایەتییەكان ئاسانكاری بەكارهێنان مامەڵەكردن بێت لەگەڵیدا، چونكه پێویستی به ئەزموونی زانیاری نییە بۆ ئەوەی كارلێك لەگەڵ ناوەڕۆكەكانیان بكەن، هەروەها بەكارهێنەرانی ماڵپەڕەكان پێویستیان بە ئەزموون و ڕاهێنانی زانستی و پراكتیكی نییە تەنها پێویستی بە پێشەكییەكی كورت و بنەما سەرەتاییەكان هەیە سەبارەت بە سروشتی بەكارهێنان ، وەك چۆن پرۆسەی ناو تۆماركردن لە تۆرە كۆمەڵایەتییەكان پێویستە ناو و وشەی نهێنی هەڵبژێرە، و بە مەرجەكانی ئەندامێتی ڕازی بكە كاتێك ڕێكارەكانی ناو تۆماركردن تەواو بوو، تاكەكەسەكە ئەندامێتی بە ناوی بەكارهێنەر و وشەی نهێنی و بۆشایی خۆی بەدەست دەهێنێت خاوەنی خۆی كە ڕێگەی پێدەدات كارە دیجیتاڵییەكانی بە ئازادییەكی تەواوەوە ئەنجام بدات (١٩).

٤. بەخۆڕایی: ئابوورییە لە هەوڵ و كات و پارەدا، بە لەبەرچاوگرتنی بەشداریكردن و تۆماركردنی بێبەرامبەر تاكی سادە دەتوانێت ببێتە خاوەنی شوێن لە تۆڕەكەدا بۆ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكە، و ئەوە سنووردار نییە بە یەك گرووپی كەسانی خاوەن پارە (٢٠).

٥- ئازادی ڕەها، وەك چۆن پێگەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان وایكردووە هەركەسێك هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت بتوانێت بڵاوكەرەوە بێت و پەیامەكەی بگەیەنێتە هەموو بەشەكانی جیهان چەندین هەواڵ هەیە كە لەرێگەیەوە بەكارهێنەرانی دەتوانن تاوتوێی هەر بابەتێك بكەن بە بڕوای ئەوان لەگەڵ ژمارەیەكی بێسنوور لە بەكارهێنەرانی دیكە لە سەرانسەری جیهان، ئەمەش چوارچێوەی ئازادی بیروڕا و دەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بەرزكردووەتەوە (٢١).

## داواكاری دووەم :

## حوكمەكانی تاوانی هاندان لەسەربەرەڵایی و بەدڕەوشتی و لەڕێگەی ماڵپەڕەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان :

تۆرەكۆمەلایەتیەكان یەكێكە لە دیارترین دەركەوتەكانی گەشەسەندنی تەكنەلۆژیای مۆدێرن بۆتە جیهانێكی كراوە بۆ ئالوگۆڕی زانیاری و بیرو ڕا و ئامرازێكی كاریگەر بۆ پەیوەندی كۆمەڵایەتی و كولتووری و سیاسی (٢٢). بەڵام سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەكانی ئەم ئامرازە مۆدێرنانە چەند جۆرێكی نوێی تاوانی ئەلیكترۆنیيان لێكەوتەوە ئەم تاوانانە هەڵگری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەڕەشەی ئاشتی كۆمەڵگەیە و مشتومڕێكی بەربڵاوی لە بازنەكانی فیقهی و یاساییدا سەبارەت بە سروشتی خۆیان و ئامرازەكانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دروست كردووە (٢٣). بەكارهێنانی بەربڵاوی ئینتەرنێت و تۆرەكۆمەڵایەتیەكان لە دەیەكانی ڕابردوودا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها جۆری تاوان لەرێگەی ئەم تۆرە كۆمەڵایەتیانە لەوانەش تاوانی هاندانە لەسەركردەوەی بەربەرەلایی لە ڕێگەی پێگەكانی تۆرەكۆمەلایەتیەكان ئەنجام دەدرێن (٢٤). ئەم تاوانانە لە ڕووی ئامراز و شێواز و خێرایی كاریگەری و ڕادەی بڵاوبوونەوە لە تاوانە تەقلیدییەكاندا لە بنەڕەتدا جیاوازن ، چونكە كردەوە بەربەرەلایەكان لەجیهانی ڕاستەقینەوە دەچنە جیهانی ئەلكترۆنی تۆرە كۆمەڵایەتیەكان ، ئەمەش وایان لێدەكات

مەترسیدارتربن و هەڕەشە لە بەها و سیستەمی کولتوری کۆمەڵگەکان بکەن بەتایبەتی گەنجان و هەرزەکاران دەکەنە ئامانج.(٢٥)
ئەم پۆلە تاوانانە چەندین شێوە لە خۆدەگرێت لەوانە : بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی ڤیزەون یان پۆرنۆگرافی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ، بەڕێوەبردنی ئەکاونتەکانی ئۆنلاین کە پەرە بە کاری خراپەکاری یان بەربەرەلایی دەدەن، پەخشی ڕاستەوخۆی کارە سێکسییەکان و پیشادانی دیمەن و وێنەی سێکسی و وروژێنەر، بەکارهێنانی کۆمێنت یان پەیامی تایبەتی سێکسی و ڕاکێشانی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی بۆ مەبەستی بەربەرەلایی لە ڕێگەی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و جیهانی ئینتەرنێتەوە.(٢٦)هەروەکو لەم نمونەی خوارەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە سکالاکار داوای گرتنەبەری ڕێکارەکانی یاسایی کرد لەدژی تۆمەتبار (أ) بەتۆمەتی ئەوەی کە گوایە هەڵساوە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی سێکسی و رووتی (ب) و ئاراستەکردنی پەیامی سێکسی لەرێگەی پێگەکانی تۆری کۆمەڵایەتی تیک تۆک و فەیسبوک وە بۆ داداگا دەرکەوت لەمیانەی لێکۆلینەوەی سەرەتایی و دادوەری کەوا بەڵگەی تەواو لەبەردەست دایە لەدژی تۆمەتباری ناوبراو بۆیە دادگا لە دانیشتنێکی ئاشکرا بریاری لەسەر ئەم دۆسیەیەدا.(٢٧) ئەم تاوانانە بە ئاسانی ئەنجامدانیان تایبەتمەندن، چونکە پێویستیان بە کارلێکی ڕاستەوخۆ و شوێنی تایبەت نییە تەنها پێویستی بە ئامێرێک یا مۆبایلێکە کە بەئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە ئەمەش ژمارەی تاوانباران چەند هێندە دەکات و بەدواداچوونیان قورستر دەکات. بۆیە رۆژانە چەندەها تاوانی لەم شێوەیە روودەدەن کەوا هانی تاکەکان دەدەن بۆ خراپەکاری وتاوان.(٢٨)

**لقی یەکەم: مانایی تاوانی هاندان لەسەرکردەوەی بەربەرەلایی:**

چەمکی"بەربەرەلایی" لەئاڵۆزترین ئەو چەمکانەیە لەکایەی تاوانکاری وکۆمەڵایەتیدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەرەفتاری ئادابی گشتی وکاردانەوەکانیان لەسەریەککگرتوویی بەها کۆمەلایەتی و ئایینییەکان پێویستی بەڕوونکردنەوەی ورد هەیە لەسەرئاستی زمانەوانی، فیقهی، یاسایی و کۆمەڵایەتی.
بەربەرەلای پێناسە (دەکرێت بەهەر کردەوەیەک کە وا لەکۆمەڵگە دا بەرەفتارێکی نەشیاو دژە باو دانراوە پێشێلی ئادابی گشتی بگات وگاریگەری نەرێنی و خراپ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دا جێبهێلێت).(٢٩)
لە زمانی عەرەبیدا دەستەواژەی کردەوەی بەربەرەلایی" لەکرداری " فجر"ەوە هاتووە، کە مانای "الادان" و "یاخیبوون" دەگەیەنێت. کە گوزارشت لە لادان لە سنووری ئایینی وکۆمەڵایەتیەکان دەکەن. ئەم دەستەواژەیە لە چەند شوێنێک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە خودای گەورە دەفەرمویت: (بل يريد الإنسان ليفجر أمامه) (٣٠) واتە خۆبەدەستەوەدان بە تاوانەکانەوە بەبێ ترس لە سزا.
زاراوەیەکە لەرەگی "دعارە" مەوە وەرگیراوە، بەمانای ئەوەی کەسێک کردەوی سێکسی ئەنجام بداو گرنگی بەئاداب و نەریتی باوی ناوکۆمەڵگاکەی نەدات و کردەوەی دژە باو ئەنجام دەدات و گرنگی بە پاکیزەی کەسایەتی خۆی لە ناوتاکەکان و کۆمەڵگەدا نادات. مانای ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی یاسایی و کۆمەڵایەتی لێکدراوەتەوە ئاماژەیە" (بە مانای ئەنجام دانی کردەوەی بەدرەوشتی و سێکسی دێت) جا ئەم پراکتیزەیە بە تاک یان لەناو تۆڕە ڕێکخراوەکاندا ڕوودەدات. یەکێکە لەو کارانەی کە ئیسلام بە گوناح و تاوانێکی گەورە دەزانێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرئەنجامە وێرانکەرانەی کە بۆخێزان وکۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک هەڵوەشاندنەوەی ڕەچەڵەک ودارمانی پێکهاتەی پەیوەندییە ڕەواکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەروونی وجەستەییەکان(٣١)
یاسای سزادان پێناسەی هاندان ناکات و بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی ڕێکخستنی سیاسەتێکی تاوانکاری بە شێوەیەکی دروست، ناتەواوی پێناسەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو

ئەوشتانە بگرێتەوە کە هاندان پێکدەهێنن.بۆ دەسەڵاتی دادوەری جێدەهێڵێت دیاری بکات وبزانێت چی هاندان پێکدەهێنێت.
بۆ بەدیهێنانی لێکۆڵینەوەکەمان و پێداویستییەکانی لێکۆڵینەوەکەمان، پێویستە ئاماژە بەو پێناسانە بکەین کە لەلایەن یاساناسانەوە سەبارەت بە هاندان و سروشتەکەی دامەزراون .
هاندان بە ڕاکێشانی قوربانی (نێر یان مێ) بێ بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەک کە تاوانێک پێکدەهێنێت.
هەروەها پێناسە دەکرێت بە هەرجۆرە هاندانێک کە بەفێڵ وفریودان بێت یان بەڵێن پێدانێک بێت بۆ قوربانیەکە کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر مێشکی کەسەکە هەبێت بە هاندان بۆ کردەوەیەکی سێکسی قێزەون وئاشکرا کە شەهوەت لە ناویدا بوروژێنێت و پاڵی پێوەنێت بۆئەنجامدانی کردەوەی بەربەرەلایی ئەوکردەوەیەش کاریگەری نەرێنی خراپ دەکاتە سەرپێکهاتەی کۆمەڵگە و تاکەکان. [٣٢]
لە ژێر ڕۆشنایی مادده ٤٨ دەتوانین بڵێین هاندان ئەو ئامرازەیە کە هاندەر بەکاری دەهێنێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر قوربانی و وروژاندنی هەستەکانیان، بەمەش پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانەی کە هاندەر مەبەستی بووە ڕوودات لە ڕێگەی هاندانی تاوانبارەکەوە. شایانی باسە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٤٨ی یاسای سزادان، هاندەر دەکاتە هاوبەش ئەگەر ئەو تاوانەی کە هانیداوە لەسەر بنەمای هاندانی ئەو ئەنجام بدرێت. بەم شێوەیە بۆ ئەوەی هاوبەشی ڕوودات دەبێت تاوانەکە لەسەر بنەمای هاندان ئەنجام بدرێت. ئەگەر ڕووی نەدا، هاندەر بە هاوبەش نازانرێت، بە پێچەوانەی دۆسیەی مادەی ٣٩٩ پێویستی بە ئەنجامدانی ڕاستەقینەی بەربەرەلایی نییە بۆسزای هاندان تەنها هاوکاریکردن، یان ئاسانکاری هاندەرلەکەیسەکەدا بەسە بۆ سزادانی وە لێرەدا هاندەر بە هاوبەش نازانرێت، بەڵکو بە (تاوانباری ڕەسەنی تاوانەکە دادەنرێت).
کەسەکەلەسەر بنەمای هاندانی تاوانبارەکە کردەوەی بەربەرەلایی ئەنجام دەدا قوربانییە تەمەنی لەژێر تەمەنی یاسایی پاراستندا یە کە لە مادەی پێشوو یاساکە بە مەرجی دانایە کە بە تەمەنی خوار هەژدە ساڵ پێناسە کراوە.
هاندەر رووبەروو یان لەرێگەی تۆرەکۆمەلایەتیەکان وێنەیەک پیشان دەدات یان دەیفرۆشێت بە قوربانیەکە یان ئەنجامدەرەکە قوربانییەکان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لێیان بروانن کەچ کارێکی قێزەون لەنێوان خۆیاندا ئەنجام دەدەن ئایا مەبەست لێی تێربوونی شەهوەتی تاوانبار یان شەهوەتی کەسێکی دیکە. هەمان شت وروژاندنی سێکسی لەسەر خۆی لەبەردەم قوربانییەکەدا دەیکات، یان ڤیدیۆی کردەوەکە پیشان دەدات بۆ ئەوەی پاڵیان پێوەبنێت بۆئەنجامدانی کردەوەی بەربەرەلایی هەروەها کەسێک کە لەگەڵ ژنێک یا پیاوێک لەبەردەم قوربانییەکە کردەوەی وروژاندنی سێکسی ئەنجام دەدات، بەم شێوەیە غەریزەی ئەوان دەوروژێنێت بە کاریگەریکردن لەسەریان بۆ ئەنجامدانی بەربەرەلایی و هاندانی بۆ ئەنجامدانی تاوان هەمووئەم کردارانەش دەکرێت بەرێگای پێگەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان روودەن[٣٣] . وەک ئەوکەیسەی کەوا لەداداگا بریاری لەسەر درا ناوەرۆکەی بریتی بوو لەوەی سکاڵاکار (ک ، ج) سکاڵای تۆمارکرد و داوای گرتنەبەری رێکاری یاسایی کرد لە دژی تۆمەتبار (د، و) کە شاگردەو لەلایی کاردەکات بەتۆمەتی ئەوەی کەوا بەردەوام رۆژانە لەکاتی لەکارەکەی قسەی نەشیاو سێکسی پێدەڵێت هانی دەدات بۆ کردەوەی خراپە وە گرتەڤیدیۆیی سێکسی وێنەی سێکسی رووتی بۆدەنێرێت داوای کامێرەکردنەوەی لێدەکات بەشێوەیەکی نەشیاو رێگەی تیکتۆک و ئینستاگرام، وە بۆ دادگا دەرکەوت لەمیانەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ودادوەری کەوا بەڵگەی تەواو دڵنیاکەرەوە لەبەردەست دایە لەدژی تۆمەتباری ناوبراو وەدوایی دڵنیابوون لە گۆفتاری شاهیدان دادگا بریاری دا بەسزادانی تاوانبار.[٣٤]





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**لقی دووەم/ توخمەكانی تاوانی كردەوەی بەربەرەلایی و سزاكەی:**
تاوانی هاندان بۆ كاری بەربەرەلایی هاوكاری یان ئاسانكاری بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەبێت بە سێ توخم بە مەبەستی پێكهاتنی ئەم تاوانە بێتەدی:
(١) ڕوودانی هاندان بۆ خراپەكاری وبەربەرەلایی، وەرگرتنی لەشفرۆشی وەک پیشەیەک، یان ئاسانكاری بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە.
(٢) تەمەنی قوربانییەكە.
(٣) مەبەستی تاوانكاری.
**توخمی یەكەم: رەگەزی ماددی**
هاندانی بەرەرەلایی و لەشفرۆشی، كردنی بە پیشە، یان ئاسانكاری بۆی بۆ ئەوەی ئەو تاوانەی كە لە مادەی ٣٩٩ی یاسای سزادان باسكراوە، جێگیر بكرێت، دەبێت توخمە ماددییەكە ئامادەبێت. رەگەزەماددییەكە، دێتەدی
بە ڕوودانی یەكێک لەم دوو كردارەی خوارەوە:
كردەی هاندان: ئەمەش پێویستی بە:
(أ) هاندانی نێرەكان بۆ ئەنجامدانی كاری بەربەرەلای و خراپەكاری رەوشتی، هاندانی مێینەكان بۆ بەشداریكردن لە خراپەكاری و وەرگرتنی وەک ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی تاوان.
(٢) ئاسانكاری بۆ نێرەكان بە ئامانجی كەوتنە ناو كۆلی خراپەكاری و تێكدانی رەوشتیان ئاسانكاریكردنی ڕێگای خراپەكاری لە ڕۆحی مێینەكاندا بۆ ئەوەی خەریكی لەشفرۆشی بن وەک پیشەیەک بۆ بژێوی و داهات وەربیگرن.
هەروەكو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كردوە و روونمان كردەوە كەمەبەست لێی، بەڕاكێشانی ڕاستەوخۆی كەسێک بۆ ئەنجامدانی كردەوەیەک كەتاوانێک ، یان كاریگەریكردن لەسەركەسێک بەهەر شێوەیەک بێت، ئەگەر ئەم كاریگەرییە ببێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانێک مەبەست لەڕاكێشان یان بەڵێن یا فریودان، یان بە بەكارهێنانی دەسەلات و كاریگەری هاندەر بەسەرقوربانییەكە (نێر یان مێ) بێت.(٣٥)
١- شێوازەكانی هاندان
هاندانی زاراوەی "هاندان" لە مادەی ٣٩٩ یاسای سزادانی عێراقی بەهەمان شێوە لەیاسای خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی بە مانایەكی ڕەها هاتووە. بەبێ سنووردارکردن بە یاسا یان هەر ئاماژەیەک كە ئاماژە بەو سنووردارکردنە بكات بەكاردەهێنرێت، هاندان بە هەر شێوەیەک و شێوازێک ڕوویدات كە ڕەنگە وەک هاندانی كاریگەر بۆ قوربانییەكە بۆ بەشداریكردن لە خراپەكاری یان وەرگرتنی لەشفرۆشی وەک پیشەیەک بەبێ گوێدانە ئەو پاڵنەرەی كە هاندەرەكە هاندەری قوربانییەكە بووە بۆ ئەنجامدانی ئەم كردەوانە. دەتوانین شێوازەكانی هاندان بۆ سێ شێواز سنووردار بكەین:
**أ- هاندان بەزارەكی لەڕێگەی (قسەكردن) :**
هاندان كاتێک ڕوودەدات كە تاوانبار دەستەواژەكان بەڕێگەی زارەكی و قسەكردن ئاراستەی قوربانییە كە بكات ئەگەری وروژاندنی ئارەزووی سێكسی و هاندانی هەبێ ڕۆحی وەسوەسە لە خۆدەگرن بۆ پەیرەوكردن و هاندانی لەسەر داوێنپیسی یان كردنی خراپەكاری وەكو ئەوەی كەوا كەسێک لەڕێگەی تۆرەكۆمەڵایەتیەكان بەقسە هەڵبستێ بۆ هاندانی كەسانی تر بۆئەنجام دانی كردەوەی بەربەرەڵایی كەوا لەئێستادا تۆرەكۆمەڵایەتیەكانی وەكو تیک تۆک و فیس بوک پربونە لەم كردارانە رۆژانە بە بەرچاومان دەكەوێت كەوا چەندەها كەس لە لایڤی تیک تۆک قسەی سێكسی ناشایستە ئەنجام دەدات بەمەبەستی بەدەست هێنانی زۆرترین بینەر و لایک و كۆمێنت . وە ئەوەی جێگای سەرنجە كە تاوانی هاندان لە خۆیدا بە تاوانێكی زارەكی دادەنرێت ، كە تێیدا تەنیا لێدوان بەسە بۆ جێگیركردنی توخمە

ماددییەکە، بە مەرجێک بە ڕواڵەت جددی بێت بۆ پاڵنانی قوربانییەکە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی بەربەرەڵایی ، لێدوانەکان تەنانەت ئەگەر بەڕێکەوتیش بن بەسە بۆ دامەزراندنی توخمە ماددییەکەی تاوانی هاندانی بەربەرەڵایی، بە مەرجێک جددی بن بۆ هاندانی قوربانییەکە وا لە خوار تەمەنی یاساییەوە بێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوانە.[٣٦]

**ب-هاندان بە پیشاندانی وێنە:**

نمایشکردنی وێنەکان لەلایەن تاوانبارەوە بۆ قوربانییەکە بەسە بۆ ئەوەی هاندان ڕووبدات ئەگەر ئەم وێنانە نوێنەرایەتی بارودۆخی سێکسی ڤیزەون و شەهوەتبازانە بکەن کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی هەبێت ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وروژاندنە سێکسییەی ئەم وێنانە لە دەروونی قوربانیدا دروستی دەکەن، کە ئارەزووەکانیان بوروژێنێت و خەیاڵیان تێکدەدات و پاڵیان پێدەنێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی قەدەغەکراو هەر وەکو لەم دۆسیەی داداگا بۆمان روون دەبێتەوە (أ)دراوسێی (ب) و ناکۆکیەکیان لەنێوان دایە بۆیە (أ)هەڵستاوە بە دروست کردنی چەند کاریکاتێرێکی سێکسی منداڵان و داویەتی بەمنداڵەکەی (ب) و دواتر چەند وێنەک وڤیدیۆیەکی منداڵەکەی کردوە بەم رسم وکاری کاتێرانە کەوا گوایە منداڵی (ب) رەوشت نزمە وخەریکی یاری خراپە لە کۆڵان پاشان لەتۆری کۆمەڵایەتی تیک تۆک ڤیدیۆکەی بڵاوکردۆتەوە بۆئەوەی خەڵک ببینن بۆیە (ب) هەڵستا بە بەرزکردنەوەی داوا دژی بکەر وە بۆ داداگا دەرکەوت لەمیانەی لێکۆڵینەوی سەرەتایی و دادوەری کەوا بەڵگەی تەواو لەبەر دەست دایە بۆیە بریاری دا بەسزادانی تۆمەتبار[٣٧]. ئەوپاڵنەرەی کەوای لە هاندەردەکە کردوە بۆ نمایشکردنی ئەم وێنانە بۆ قوربانیەکە، جا بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە قوربانیەکە یان کەسوکارەکانیان یان بۆ تێکدانی رەوشتیان بێت فرۆشتنی ئەو وێنانە، تەنها بۆ بزواندنی شەهوەتی تاوانبارەکە یان کەسێکی دیکە ، مەرجێک بزانێت نمایشکردنی ئەم وێنانە بۆ کەسێکی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ سزای یاسایی پێکدەهێنێت، بەو پێیەی نمایشکردنی وێنەی ڤیزەون کە پێشێلکردنی ئادابی گشتییە بۆ ئەو منداڵە کەم تەمەنانەی کە هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی پاراستنی یاسایی، یان فرۆشتنی ئەو وێنانەپێیان، هاندانێکە بۆ کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی، جگە لەوەش، هاندان بە نمایشکردنی دیمەنێک وەک ڕووداوێکی تایبەت، کە گوزارشت لە بارودۆخی سێکسی ڤیزەون دەکات لەرێگەی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان[٣٨].

لێرەدا ڕەنگە ئەوە تێبگەین کە پێشاندانی وێنەکان بە هاندان بۆ کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی نازانرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مادەی( ٤٠٣ )ی یاسای سزادان ئەمە خۆی لە خۆیدا بە تاوانێکی جیاواز دەزانێت، کە ڕەنگە بەو مانایە تێبگەین کە هاندانێک بۆ کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی پێکناهێنێت. بەڵام ئێمە دەڵێین ئەم تێگەیشتنە نادروستە، چونکە نمایشکردنی وێنەکان بە هاندانێک دادەنرێت کە بەپێی برگەکانی ماددەی( ٣٩٩ )ی یاسای سزادان سزا دەدرێت ئەگەر لەلایەن تاوانبارەوە بەرامبەر ئەوانەی تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوە ئەنجام بدرێت. بەڵام ئەگەر بەرامبەر ئەو کەسانە ئەنجام بدرێت کە لە سەرووی ئەم تەمەنەوەیە، ئەوا دەتوانرێت برگەکانی ماددەی(٤٠٣ )ی یاسای سزادان جێبەجێ بکرێت ئەگەر توخمە یاساییەکانی بێتەدی، پاڵنەر بۆ نمایشکردنی ئەو وێنانە فرۆشتن یان بەکرێدان بێت ، مەبەستی تێکدانی رەوشت ئەنجام درابێت، ئەوا ئەو کارە بە تاوان دادەنرێت لەگەڵ بارودۆخێکی توندکەربۆسزا.[٣٩]

**ج-هاندان بە کردار:**

بۆ ئەوەی توخمە ماددییەکەی تاوانی هاندان بۆ کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی جێگیر بێت، بەسە بۆ ئەنجامدەر کردەوەیەک یان کارێکی پێچەوانەی ئادابی گشتی ئەنجام بدات، جا بەرامبەر بەخۆی بێت یان بەرامبەر بە کەسێکی دیکە، بە مەبەستی هاندانی قوربانی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی. بۆ نمونە کەسێک کە لەبەردەم پیاوێکدا لەگەڵ ژنێکدا خەریکی

كردەوەیەکی سێکسی وروژێنەر بێت یاخود وێنەی خۆیان بگرن بینێرن بۆ کەسێکی دیکە بەمەبەستی هاندانی ئارەزووی سێکسی وروژێنەر و پاڵنانی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی. یاخود ئەوکرداره بەدرەوشتیە لەرێگەی یەکێک لەپێگەکانی تورەکۆمەڵایەتیەکان بنێرێت بۆکەسێک بەمەبەستی هاندان و وروژاندنی هەستی سێکسیی[٤٠] هەر وەکو لەم دۆسیەی داداگا بۆمان روون دەبێتەوە کەوا سکاڵاکار (ب ، و)و (ز، ر) هەڵساون بە سکاڵاکردن لە دژی تۆمەتبار (پ، خ) کەوا چۆتە بەردەم زانکۆ و هەڵساتەوە بەدەرهێنا ئەندامی نێرینەی خۆی بۆیان لەهەمان کاتدا ڤیدیۆیی ئەم کارەی گرتووە و بۆ چەند کەسانێکی ناردوە لەرێگەی ڤایبەر و واتس ئاب وە ئاگاداری کردوونەوە هەوڵی زیاتر بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدۆییە دەدات وە بۆ داداگا دەرکەوت لە میانەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و دادوەری کەوا بەڵگەی تەواو بەردەست بوون دژی تۆمەتباری ناوبراو دوای دڵنیابوون لە گەواهی شاهیدان و تۆمەتەکە داداگا بریاری دا بەسزا دانی تاوانبار[٤١]. توخمە ماددییەکەی تاوانی هاندان بۆ بەربەرەڵای هەر کە تاوانبار کردەی هاندانی ئەنجامدا، جێگیر دەبێت جا ئەم کارە کاریگەری بەرهەم بهێنێت یان نا بەسە بۆ ئەوەی تاوانبار جا رێک ئەنجامی بدات، چونکە بەیەکجار ئەنجامدان تاوانەکە جێگیر دەبێت جا ئەو کارە لەلایەن پیاوێکەوە یان ئافرەتێکەوە ئەنجامدرابێت[٤٢]

لە یاسای سزادانی عێراقیدا بەوپێیەی توخمە خوویەکان (ركن العادة) بۆ تاوانی هاندان بۆ بەربەرەڵای پێویست نییە بۆ ئەوەی تاوانەکە جێگیر بکرێت تاوانبارەکە چ نێربێت یان مێ یەکجار ئەو کارە ئەنجام بدات ئەو هاندانەی کە هاندەر ئەنجامی دەدات هەستی قوربانییەکە دەوروژێنێت ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە هاندرا بوو لەناو ئەودا هەڵبگیرسێنێت و پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات، هەر بۆیە کجار هاندان بۆ ئەنجام دانی تاوانە کە بەسە پێویستی بە چەند جار دووبارە بونەوە نیە یەک جار هاندان و کردنی کردەوە بە درەوشتیەکە تاوانەکە بەدیدێت. بۆیە بەربەرەڵایی وەک پیشەیەک دەگرێتە ئەستۆ لە کاتێکدا لەژێر کاریگەری هاندانەکەدا بووە، ئەمەش وروژاندنی لەناویدا دروستکردووەو تێکیدەدات وپاڵیدەنێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.[٤٣]

سەبارەت بە یاسای سزادانی عێراقی دەتوانین بڵێین بڕگەکانی ماددەی (٣٩٩) هەر کەسێک دەگرێتەوە کە نێر یان مێیەکی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ هان بدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی بەربەرەڵای و داوێن پیسی یان کردنی خراپەکاری بکاتە پیشە، یان کار ئاسانی بۆ ئەم کارە بکات، بە هەمان شێوە دەقەکە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە هاندەرن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی داوێن پیسی یان کردنی خراپەکاری بەپیشە، تەنانەت ئەگەر بیرۆکەی قازانجیان نەبێت.

**٢- ئاسانکاری ڕێگایی بەربەرەڵایی وخراپەکاری**

بەگوێرەی دەقی مادەی (٣٩٩)ی یاسای سزادانی عێراقی و مادده (٢)لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لەهەرێمی کوردستان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئاسانکاری بۆ کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی دەکەن، تەنانەت ئەگەر هانیان نەدەن لەدەقەکەی پێشوودا هاتووە، "هەر کەسێک هاندەر بێت... یان ڕێگاکەیان ئاسان بکات... سزای زیندانیکردن دەدرێت". ئاسانکاری ڕێگایەکە لەڕاستیدا ڕێگە خۆشکردنە بۆ ئەوانەی سەرقاڵی کردەوەی تاوانی بەربەرەڵاین، لەڕێگەی هەر جۆرە هاوکارییەک یان پشتیوانییەکەوە. ڕێگەدان بە کەسێک بۆ بەشداریکردن یان ئەنجامدانی کردەوەی تاوانی بەربەرەڵایی لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خۆیدا بە ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە دادەنرێت، بەڵام مەرجەکە ئەوەیە کە ئەو کەسەی ڕێگای بۆ خۆشکراوە دەبێت تەمەنی خوار تەمەنی یاسایی بێت، بەپێی مادەی( ٣٩٩)ی یاسای سزادان، واتە تەمەنی لەخوار هەژدە ساڵەوە بێت. بەڵام

لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لەهەرێمی کوردستان تەمەن گرنک نیە تەنها بونی هاندان بۆ خراپەکای بەتاوان دادەنرێت.
شێوازەکانی ئاسانکاری کە تاوانبار پێشکەشی دەکات زۆرن هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە دەتوانن رێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی کەسەکە بکەوێتە داوی خراپەکاری و ئەنجام دانی تاوانی بەربەرەلایی وەک پیشەیەک بۆ بژێوی وداهات وەربگرێت. تەنیا ئەو هاوکاری و پشتیوانییەی کە تاوانبار بەمەبەستی تێکدانی رەوشتی پێشکەشی دەکات، بە شێوازێکی ئاسانکاری دادەنرێت.(٤٤)
